پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەخشندەترین وسەخیترین کەس بوو لە نێو خەڵکیدا، ولە مانگی ڕەمەزانیشدا بەخشندەتر بوو زیاتر لە هەموو کاتەکانی تر، کاتێک جبریل -عليه السلام- دەهات بۆ لای

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەخشندەترین وسەخیترین کەس بوو لە نێو خەڵکیدا، ولە مانگی ڕەمەزانیشدا بەخشندەتر بوو زیاتر لە هەموو کاتەکانی تر، کاتێک جبریل -عليه السلام- دەهات بۆ لای، جبریل هەموو شەوێکی مانگی ڕەمەزان فێری قورئانی پیرۆزی دەکرد وپێداچوونەوەی لەگەڵ دەکرد، بۆیە پێغەمبەری خودایش -صلى الله عليه وسلم- سەخیتر بوو لە خێرکردندا زیاتر لە خێرایی شنە بای نێردراو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەخشندەترین کەس بوو لەنێو خەڵکیدا، وزیاتر بەخشندە دەبوو لە مانگی ڕەمەزاندا ؛ چونکە ئەوەی پێویست بوو دەیبەخشی بە ئەوەی شایستەیە، ودوو هۆکار هەیە بۆ زیادبوونی بەخشندەیی لەم مانگەدا: یەکەم: جبریل -عليه السلام- سەردانی دەکرد. دووەم: خوێندنەوە وپێداچوونەوەی قورئان، مەبەست لێی پێداچوونەوەیە بە لەبەرکردنەوە. بۆیە جبریل -عليه السلام- پێداچوونەوەی پێدەکرد لە هەموو قورئاندا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەخشندەترین وچاکەکارترین وخێرخوازترین وبەسوودترین مرۆڤ بوو بۆ خەڵکی خێراتر لە بایەکی خۆش وفێنك كە خوای گەورە دەینێرێت بۆ دابەزاندنی باران وڕەحمەت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6179